# لڤین فایلی قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ بڵاو دەکاتەوە

به پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەیەکی زانستی کە لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدین کە لە سەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە شەڕی ناوخۆدا ئەنجامدراوە لەلایەن (فازل عومەر رەشید)ەوە ، دەرکەوتووە 91٪ ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی سلبیان گێراوە لە شەڕی ناوخۆدا .

(2006/5/1)، (10) ساڵی ڕێك بەسەر شەڕی ناوخۆی کوردستاندا تێدەپەڕێت، هەڵەیەکی گەورەیە وابزانین ئەوە تەنها سیاسی و چەکدارەکان بوون شەڕی ناوخۆیانکرد، بەڵکو ڕاستتر وایە بەر لە هەموویان ئەو ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەستانە بە بەرپرسی ئەو مێژووە خوێناویە بزانین کە ئاگر خۆشکەری شەڕی ناوخۆ بوون.

قەڵەمەکانی ئەوان ڕۆژگارێکی دور و درێژ کاریگەر بوو لەسەر بەسوێکردنی برینی شەڕی ناوخۆ، بۆیە بەرپرسیاریەتی ئەوان لە ئاست ئەو مێژووەدا بەر لە هەموو کەسی دیکەیە و ئێستاش ئەو چرکە ساتەیە کە بتوانین موحاسەبەی مێژووی خۆمانی تێدا بکەین، بەبڕوای ئێمە وەکو چۆن هەڵدانەوەی فایلدارانی بەعس کارێکی گرنگ بوو، دەبوو بکرێت، بەهەمان شێوە دەستنیشانکردنی ئەو قەڵەمانەی کە بەرهەمهێن و تیۆریزەکەر و شەرعییەت پێدەری شەڕی ناوخۆ بوون بە کارێکی گرنگ دەزانین، لەبەر هیچ نا، تەنها لەبەرئەوەی ئەوانە قەڵەم بوون، دەبوو لە ئاستێکی بەرپرسیاریەتی گەورەتردا مامەڵەیان لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا بکردایە، ئەم کارەی لڤین کە پشتی بە ئەرشیفی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو چەند ساڵەی حیزبەکان بەستووە لە مانگی (5)ی ساڵی (1994) تا مانگی (12)ی ساڵی (1999)، ئەم کارەش بۆ ئێمە هەروا ئاسان نەبوو، بەتایبەتی پەیداکردنی ئەرشیفی شەش ساڵی شەڕ.

ئەوەی کە ئێمە تێبینیمانکرد بەشێکی زۆری ئەوانەی کە ناویان هاتووە لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا قەڵەمێکی بەردەوامی شەڕ بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان بەوپەڕی بڕوا و خۆ ئامادەکردنەوە چوونەتە ئەو مەیدانەوە و بە دڵسۆزیشەوە ئەو ئەرکەیان جێبەجێکردووە.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئێمە بەوپەڕی بێلایەنییەوە ئەم کارەمان کردووە و تەنها میدیای نوسراویشمان بە نموونە وەرگرتووە، دەبێت ئەو تێبینییەش لەبەرچاو بگرین کە لە بەشێکی زۆری ئەو بڵاوکراوانەدا هەندێك بابەت بەناوی خوازراو و نازناو و هەندێکجاریش بەبێ ناو بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی ڕاستەقینەیان دیارنەبووە نەمانتوانیوە لەڕیزی ئەم ناوانەدا تۆماریان بکەین.

نەوەی نوێ مافی ئەوەی هەیە کە بزانێت لە ڕابردووی میللەتەکەیدا چی ڕوویداوە، ئێستاش کە لەبەردەم حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستانیداین و تەمی ناکۆکییەکان ڕەوینەتەوە، ژینگەیەکی لەبارە بۆ بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوە و تەماشاکردنی ئەو مێژووە تاڵە، بۆئەوەی لە ئایندەشدا هیچ قەڵەمێك جورئەتی ئەوە نەکات هەر لە خۆڕا کە براکان بکات بە دوژمن و بەشداری لە شێواندنی ئەم ئەزموونەدا بکات، تۆمارکردنی ناوەکان لە ئەستۆی ئێمەدایە و دادگاییکردنی ئەو مێژووەش بۆ خوێنەران بەجێدەهێڵین.

تێبینی : ریزکردنی ناوەکان بەپێی پیتی ئەبجەدییە و بە مەبەست نییە.

| |
|---|
| ئارام ساڵح |
| ئارێز عەبدوڵڵا |
| ئازاد جوندیانی |
| ئازاد سدیق |
| ئازاد عەبدولواحید |
| ئازاد وەهبی |
| ئاسۆ کەرەم |
| ئاشتی محەمەد |
| ئالان شارەزووری |
| ئەبوبەکر خۆشناو |
| ئەحمەد خوا کەرەم |

| |
|---|
| ئەحمەد ڕەزا |
| ئەحمەد سالار |
| ئەحمەد عەبدوڵڵا |
| ئەحمەد کەریم |
| ئەرسەلان بایز |
| ئەسعەد حەمە عەلی |
| ئەسعەد عەدۆ |
| ئەکبەر ئەحمەد |
| ئەکبەر حەسەن |
| ئەکرەم مەنتك |
| ئەمیر فەندی |